تەندروستی غەززە: ژمارەی گیانلەدەستدان 11 هەزار کەسی تێپەڕاند

وەزارەتی تەندروستی غەززە بڵاویکردەوە، بەپێی نوێترین ئامار ژمارەی گیانلەدەستدان لە کەرتی غەززە11 هەزار کەسی تێپەڕاند. دەشێت، "تا ئێستا هەزار و 500 منداڵ بەسەروشوێنن."

ئەمە هەینی، وەزارەتی تەندروستی غەززە راگەیاندراوێکی بڵاوکردەوە کە تێیدا هاتووە، ژمارەیگیانلەدەستدان بەهۆی بەردەوامی هێرشەکانی ئیسرائیل بەسەر کەرتی غەززە گەیشتە 11 هەزار و 78 کەس کە پێنج هەزاریان منداڵن.

ئەوەشی خستەڕوو، 27 هەزار و 490 هاوڵاتی سڤیل بریندارببوون و نزیکەی سێ هەزار کەس بەسەروشوێنن و هەشتا لەژێر پاشماوەی باڵەخانە رووخاوەکاندا ماون و نەدەزراونەتەوە.